بەهەشت ودۆزەخ گفتوگۆیان کرد، دۆزەخ ووتی: تایبەتکراوم بە خۆبەگەورە زانەکان، وملهوڕەکان، وبەهەشت ووتی: بۆچی تەنها لاواز وبێبایەخ پێدراوەکان وسادەکان لە خەڵکی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «بەهەشت ودۆزەخ گفتوگۆیان کرد، دۆزەخ ووتی: تایبەتکراوم بە خۆبەگەورە زانەکان، وملهوڕەکان، وبەهەشت ووتی: بۆچی تەنها لاواز وبێبایەخ پێدراوەکان وسادەکان لە خەڵکی؟ خوای گەورە بە بەهەشت فەرمووی: «تۆ ڕەحمەتی منی؛ بەهۆی تۆوە ڕەحمەت دەکەم لە هەرکەسێک بمەوێت لە بەندەکانم، وبە دۆزەخ فەرمووی: «تۆ سزای منی؛ بەهۆی تۆوە سزای هەرکەسێک دەدەم کە بمەوێت لە بەندەکانم، هەریەکێکتان لە ئێوە پر دەبێت» (پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت): «دۆزەخ پر نابێت هەتاوەکو خوای گەورە پێی دادەنێت، دۆزەخ دەڵێت: بەسە، بەسە. لەو کاتەدا پر بووە، بەشەکانی دەچنە نێو یەکتردا ونزیک دەبنەوە، خوای گەورە ستەم لە هیچ یەکێک لە بەندەکانی ناکات، وبەهەشت خوای گەورە بوونەوەری تری بۆ دەخوڵقێنێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

دۆزەخ شانازی کرد لە پێش بەهەشت بەوەی ئەو شوێنی تۆڵەسەندنەوەی خوای گەورەیە لە ستەمکار وخۆبەگەورەزان وتاوانبارەکان؛ ئەوانەی سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورەیان کردووە وپێغەمبەرانیان بە درۆ خستووەتەوە، و بەهەشت سکاڵای کرد بەوەی ئەوانەی دەچنە نێویەوە تەنها لاواز وهەژارەکانن بە زۆری، ئەوانەی ئەهلی بەهەشتن ملکەچی خوای گەورەن وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەو زاتە مەزنەن، ئەم گفتوگۆیە هەقیقەت وڕاستییە لە نێوان بەهەشت ودۆزەخدا وخوای گەورە هەست وجیاکردنەوە وئەقڵ ودەربڕینی پێیان بەخشیووە، وخوای گەورە لەسەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداڕە. خوای گەورە بە بەهەشت فەرمووی: (تۆ ڕەحمەتی منی؛ بەهۆی تۆوە ڕەحمەت دەکەم لە هەرکەسێک بمەوێت لە بەندەکانم)، وبە دۆزەخ فەرمووی: تۆ سزای منی؛ بەهۆی تۆوە سزای هەرکەسێک دەدەم کە بمەوێت لە بەندەکانم)، ئەمە حوکمی خوای گەورەیە لە نێوانیان، واتا: خوای گەورە بەهەشتی دروستکردووە بۆئەوەی ڕەحم بکات بەو بەندانەی دەچنە نێویەوە، وئەوانەی فەزڵی خۆی پێیان دەبەخشێت وشیاویان دەکات بۆئەوەی بچنە نێو بەهەشتەوە، بەڵام دۆزەخ خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن وکوفر وبێباوەڕن بە خوای گەورە وبە پێغەمبەران، خوای گەورە سزایان دەدات، وهەموو ئەمانە مولکی خوای گەورەن وبەهەر شێوەیەک بیەوێت خۆی بەڕێوەیان دەبات، وخوای گەورە پرسیاری لێناکرێت سەبارەت بە ئەو کردەوانەی ئەنجامی دەدات چونکە ئەو پەروەردگارە بەڵام بوونەوەرەکان لێپرسینەوەیان لێدەکرێت چونکە بەندەن ودروستکراون -مەخڵوقن-، بەڵام کەسێک ناچێتە دۆزەخەوە مەگەر کردەوەکانی وایان لێکردبێت شیاوی چوونە دۆزەخ بێت. پاشان خوای گەورە فەرمووی: (وهەریەکێکتان لە ئێوە پر دەبێت): ئەمیش پەیمانە لە لایەن خوای گەورە بەوەی پڕیان بکاتەوە بەو کەسانەی تێیدا دەمێننەوە، وئەم داواکردنە لە لایەن دۆزەخەوە بە ئاشکرایی هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: {يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ} [ق:30] واتە: {ڕۆژێك دەبێت بە دۆزەخ دەڵێین ئایا پر بوویت؟ دۆزەخیش دەڵێت: ئایا کەسی تر هەیە (بیهێنن)؟}، وخوای گەورە سوێندی خواردووە کە دۆزەخ پڕ بکات لە جنۆکەکان وهەموو خەڵکی، بەهەشت ودۆزەخ شوێنی نەوەکانی ئادەم وجنۆکەکانن لە پاش لێپرسینەوەیان، هەرکەسێک باوەڕی بە خوای گەورە هەبێت وبیپەرستێت بە تەنها وبە بێ بڕیاردانی هیچ شەریک وهاوبەشێک لە پەرستنیدا، وباوەڕی بە هەموو پێغەمبەران هەبێت؛ ئەوا سەرەنجامی بەرەو بەهەشتە، وئەوەی سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە بکات وکافر وبێباوەڕ بێت ئەوا سەرەنجامی بەرەو دۆزەخە. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: (دۆزەخ پر نابێت هەتاوەکو خوای گەورە پێی دادەنێت، دۆزەخ دەڵێت: بەسە، بەسە. لەو کاتەدا پر بووە، بەشەکانی دەچنە نێو یەکتردا ونزیک دەبنەوە، خوای گەورە ستەم لە هیچ یەکێک لە بەندەکانی ناکات): بۆیە کاتێک دۆزەخ دەچێت بە نێو یەکتردا تەنگ دەبێتەوە لەسەر ئەهلی دۆزەخ، وبۆیە بەمەش پر دەبێت وخوای گەورە ستەم لە کەس ناکات، دەبێت باوەڕمان بەوە هەبێت کە خوای گەورە پێی هەیە بە بێ لادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی بە

بێ پەکخستنی واتاکەی و بە بێ لێکدانەوەی چۆنیەتی و بە بێ چواندنی بە بوونەوەرەکان؛ بەڵکو باوەڕمان بەوە هەیە کە خوای گەورە پێی هەیە وچۆنیەتیەکەی نازانین وتەنها باوەڕمان پێی هەیە ودروست نییە مرۆڤ بیری لێبکاتەوە. پاشان فەرمووی: (وبەهەشت خوای گەورە بوونەوەری تری بۆ دەخوڵقێنێت): واتا بەهەشت پڕ نابێت بۆیە خوای گەورە بوونەوەری تری بۆ دروستدەکات بۆئەوەی پڕ بێت، پاش دروستکردنیان بەهەشتیش پڕ دەبێت لە بوونەوەرەکان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8313